# پڕۆگرامی هاوبەشیی ڕێکخراوی (IREX) بۆ پەرەپێدانی زانکۆ تازە پێگەیشتووەکان

**پوختە**

**پڕۆگرامی هاوبەشیی ڕێکخراوی (IREX) بۆ پەرەپێدانی زانکۆ تازە پێگەیشتووەکان کاردەکات بۆ پەرەپێدانی ریفۆرم لەخوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان لەڕێی هاوکاری تەکنیکی، ریفۆرمکردنی پڕۆگرامی زمانی ئینگلیزی و پەرەپێدانی میتۆدەکانی وانەوتنەوە لەبەشەکانی زمانی ئینگلیزی زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان. لەرێگەی ئەم پرۆگرامەوە، زانکۆ تازەکانی هەرێم پەیوەندی بەردەوامیان دەبێت بۆ کاری ئەکادیمی هاوبەش لەگەڵ زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە بەشدارن لەپەرەپێدانی خوێندنی باڵا لەکوردستانی عێراق.**

**ئامانجەکانی پرۆگرامەکە:**

1. **بەشداریکردنی ستاڤ زمانی ئینگلیزی بۆ پەرەپێدانی شێوازی وانەوتنەوە، بەهێزکردنی پڕۆگرامی خوێندن و پەرەپێدانی توێژینەوە.**
2. **بەستنی پەیوەندی هاوبەش و کاری پڕۆفێشناڵی نێتوۆرکیی لەنێوان زانکۆکانی ئەمریکا و زانکۆ تازەکانی کوردستان بۆ کاری ئەکادیمی هاوبەش.**
3. **پەرەپێدانی لەیەکگەیشتنی هاوبەش و هۆشیاری کەلتوری لەنێوان زانکۆکانی هەرێم و زانکۆکانی ئەمریکا.**

دوای گۆشەگیرکردن و پشتگوێخرانی دەیان ساڵەی هەرێم، لەئێستادا وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان چالاکانە هەوڵدەدات بۆ ریفۆرمکردنی خوێندنی باڵا و پەرەپێدانی بواری ئەکادیمی لەهەرێمی کوردستان و دەستەبەرکردنی هەلی خوێندنی زیاتر بۆ ئەو ناوچانەی لەرووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە کەوتونەتە دەرەوەی سەنتەری پارێزگاکان. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی خوێندنی باڵا کاریکردووە بۆ دامەزراندنی زانکۆو ستاف ئەکادیمی لەزۆربەی قەزاکانی هەرێم بەمەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزاری خوێندن بۆ ئەم ناوچانە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم ناوچانە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە روبەروی گرفتی زیاتر بونەتەوە لەچارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی ریفۆرم و زۆر جار کەمی ستاف پسپۆرو هەروەها نەتواندراوە وەك پێویست پەیوەندی نێودەوڵەتی ببەستن یان هەلی کرانەوەیان نەبووە وەك زانکۆکانی سەنتەری پارێزگاکانی  تری هەرێم .

لەلایەکی دیکەوە رێژەیەکی زۆری ئەکادیمیست و بەرێوەرەبەران باس لەپەرۆشی خۆیان دەکەن بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان بەمەبستی گۆرانکاری لەپرۆگرامی خوێندن بەشێوەیەك کە لەگەڵ ستاندارده باوەرپێکراوە نێودەوڵەتییەکان بگونجێت و هەروەها پەیرەوکردنی شێوازی وانەوتنەوە کە تێیدا خوێندکار سەنتەرە، کە ئەم رێگەیەش یارمەتیدەرە بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، لێهاتویی لە چارەسەرکردنی کێشەو بەکارهێنانی مەعریفە بەشێوەیەکی پراکتیکی. سەرەرای ئەمەش کەسە ئەکادیمییەکان نایشارنەوە زۆرجار سنورداری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و نەبوونی ستاف ئەکادیمی پێویست لەبوارە تەکنیکییەکاندا لەمپەرێکی ترە لەبەردەم پەرەپێدانی مرۆیی و پرۆفیشناڵیی.

خۆشبەختانە  ئەم پرۆگرامە کاردەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی چالاك لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەکادیمی نێودەوڵەتی و برەودان بەریفۆرم لەخوێندنی باڵای کوردستانی عیراق.

## دەربارەی (IREX)

(IREX) ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی خۆبەخشە کاردەکات بۆ پەرەپێدان لەبوارەکانی فکری لیدەرشیپ و پرۆگرامی داهێنەرانە بەمەبەستی گەشەکردنی گۆڕانکاری پۆزەتیڤانەی بەردەوامی جیهانیی. یارمەتی کەس و دامەزراوە ناوخۆییەکان دەدات بۆ بنیاتنانی ئامرازی سەرەکیەکانی کۆمەڵگایەکی زیندوو و هاوچەرخ، هەر لەچۆنێتی خوێندن بگرە بۆ میدیای ئازادو کۆمەڵگەیەکی بەهێز. هەرلەکاتی دامەزراندنییەوە لەساڵی ١٩٦٨وە (IREX) پرۆگرامەکانی زیاتر لە ١٢٠ وڵاتی جیهان بەگەڕخستوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم لینکە بکە:

www.irex.org.

**پرۆگرامی هاوبەشیپێکردنی ڕێخراوی (IREX) بۆ زانکۆ تازەکانی کوردستان دەکرێتەوە**

**پرۆگرامی هاوبەشیپێکردنی ڕێخراوی (IREX ) بۆ زانکۆ تازەکان هەوڵ دەدات بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان لەڕێگەی هاوکاریکردن و پێدانی یارمەتی تەکنیکی و توانای بەرەوپێشبردنی پڕۆگرامی زمانی ئینگلیزی و بەرەوپێشبردنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەبەشە ئیگلیزییەکان لەزانکۆ حکومیوکانی هەرێمی کوردستان.**

**لەڕێگەی ئەو پڕۆژە هاوبەشەوە کاردەکرێت بۆئەوەی زانکۆ تازە پێگەیشتووەکان لەهەرێمی کوردستان دەتوانن پەیوەندی بەهێزو پێشکەوتوو لەڕێگەی هاوکاریکردن و پەیوەندی ئۆنلاین لەگەڵ زانکۆکانی ئەمریکا، ئەمەش هاوکاردەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کودستان. پرۆگرامەکە ئەم بوارانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:**

1. **خۆرهەڵاتناسی و ووٚرکشۆپی کراوە: کۆڕسێکی ( 4–5)، ڕۆژەیە کە لەهەولێر ئەنجامدەدرێت بۆ چەند زانکۆیەکی هەڵبژێردراو لەبەش و فاکەڵتییەکانی زمانی ئینگلیزی، تیایدا تاووتوێی چەند بابەتێك دەکرێت لەوانە: شێوازی پڕۆگرامی خوێندن و داڕشتنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەفاکەڵتییەکانی زمانی ئینگلیزی.**

2. **کۆرسی ئۆنلاین: پرۆگرامی هاوبەشیپێکردنی ڕێخراوی (IREX) لەعێراق بۆ زانکۆ تازە پێگیشتووەکان لە کوردستان هەوڵدەدات لەڕێگەی کۆرسی ئۆنلاین و وۆرکشۆپەوە زانیاری تەواو بدات بەزانکۆکان بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی خوێندن و ئاشناکردنی زانکۆکان بەبیرۆکەو پەیڕەوی تازەی خوێندن. لەم کۆرسانەدا چەند بابەتێك گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت لەوانە:دروستکردنی تاقیکردنەوەی خێرا، فێرکردنی زمان، بەڕێوەبردنی پۆل، هەروەها وتنەوەی وانە بەئاستەجیاوازەکان، سەرچاوەی ئۆنلاین بۆ فێرکردن، خوێندنەوەو نوسین و ڕێزمان، جێبەجیکردنی هەڵسەنگاندنی دروست، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕە جۆربەجۆرەکان لەبواری فێرکردن و بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی.**

3. **زانکۆ و دامەزراوەکانی ئەمریکا: پرۆگرامی هاوبەشیپێکردنی ڕێخراوی(IREX) لەعێراق بۆ زانکۆ تازە پێگیشتووەکان لە کوردستان، لەڕێگەی فاکەڵتی و بەشە هەڵبژێردراوەکان بەشداردەبێت لە پرۆگرامێکی ئاستبەرزی (3)، هەفتەیی بۆ باسکردنی بابەتە گشتیەکانی تایبەت بەبەرەوپێشبردنی ڕێگاتایبەتەکانی وانەوتنەوەو پرۆگرامی خوێندن. ستراتیژی وانەووتنەوەکە هاوتا دەبێت لەگەڵ ژینگەی زانکۆکانی ناوەوەی وڵات.هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەو ستراتیژی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیاو پرۆگرامەکانی ناو پۆل، ئەمەش چەند بوارێك لەخۆدەگرێت لەوانە:ڕێکخستنی سیمینار، ماوەی کارکردنی تاکەکەسی و بەشێوەی گروپ، وانەوتنەوە لەژێر چاودێری ڕاوێژکاری فاکەڵتییەکانی ئەمریکا، ڕاهێنان لەسەر ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا.**

4. **کۆتایی پرۆگرامەکە: زانکۆو دامەزراوە بەشداربووە ئەمریکیەکان سەرچاوەی ڕاهینان و بەرەوپێشبردنی وۆرکشۆپی هاوبەش لەگەڵ هاوبەشەکانیان. لەماوەی بەشداربوون لەدامەزراوەکانی ئەمریکا چەند بابەتێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت کە پەیوەندی داربێت بەزانکۆ هاوبەشەکانی عێراق بۆئەوەی لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ عێراق پەرەیان پێبدرێت.**

**مەرجەکانی بەشداربوون:**

**داواکار دەبێت ئەم مەرجانەی لای خوارەوەی تێدابێت:**

- **دانیشتووی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت، لەکاتی داواکاری پێشکەشکردن بۆ پرۆگرامەکە.**

❖ تەواوکردنی داواکارییەکانی پرۆگرامەکەو ناردنیان بەر لەتەواوبوونی بەرواری کۆتایی پێشکەشکردن.

❖ زمانی ئینگلیزی بەباشی بزانێت و بتوانێت بەباشی بنوسێت و گفتوگۆی پیٚ بکات.

❖ بتوانیٚ ڤیزای جۆری (J-1) بەدەستبهێنێت .

❖ بەشداربوودەبێت بتوانێت بەشداربێت لە وۆرکشۆپی خۆرهەڵاتناسی کە لەبەرواری مانگی ١ و ٢ی ٢٠١٥ لەهەولێر بەڕێوەدەچێت.

❖ بەشداربوو دەبێت بتوانێت بەشداری لەکۆرسی ئۆنلاین بکات لەمانگی ٢ بۆ مانگی ٦ی ٢٠١٥.

❖ بەشداربوو دەبێت بتوانێت بەشداربێت لەزانکۆیەکی ئەمریکی بۆماوەی ٣هەفتە لەمانگی ٧و 8/٢٠١٥

❖ بەشداربوو دەبێت بتوانێت بەشداری بکات لەپڕۆگرام و کۆنفرانس و وۆرکشۆپ کە لەهەولێر بەڕێوەدەچێت لەمانگی ٨ و ٩ی ٢٠١٥.

❖ بەشداربوو دەبێت بتوانێت ئەو زانیاری و بەهرانەی بەدەستی هێناوە لەزانکۆ ئەمریکیەکان بتوانێت بەرنامەکان جێبەجیٚ بکات لەگەڵ هاوبەشەکانیان بەئەنجامدانی وۆرکشۆپ و گفتوگۆی هاوبەش.

❖ پێویستە بەشداربوو ئیشێکی تەواوی هەبێت بەناونیشانی مامۆستا یان مامۆستای یاریدەدەر لەیەکێك لەبەشەکانی زمانی ئینگلیزی لەو زانکۆ باوەڕپێکراوانەی هەرێمی کوردستان کە لەخوارەوە ناویان هاتووە:

- زانکۆی دهۆك
- زانکۆی گەرمیان
- زانکۆی هەڵەبجە
- زانکۆی کۆیە

- **زانكۆی ڕاپەڕین**
- **زانكۆی سۆران**
- **زانكۆی سلێمانی**
- **زانكۆی سەلاحەددین**
- **زانكۆی زاخۆ**

**تێبینی / ئەو داواكارییانەی ئەو مەرجانەی سەرەوەیان تێدانەبێت ئاراستەی لیژنەی قبوڵكردن ناكرێن.**

**ئەو بەشداربووانەی كەپێشتر بەشداربوون لەپرۆگرامی هاوبەشیپێكردنی ڕێخراوی(IREX) لەعێراق بۆ زانكۆ تازە پێگیشتووەكان لەكوردستان لەساڵی (2013–2014) ناتوانن داواكاری پێشكەشبكەن.**

**فەرمانبەران و نوێنەرانی ئێستای ڕێكخراوی (IREX) ناتوانن بەشداربن لەهەر پێشبڕكێیەكی ڕێكخراوەكە بۆ كەسە نزیكەكان و ئەندامانی خێزانیان وەك ( هاوسەر، دایك وباوك، منداڵ، خوشك یان برا).**

**3-بەرواری پرۆگرامەكە: (بەروارەكان لەوانەیە كەم كەم گۆڕانكارییان تێدا ڕووبدات)**

**٩ی مانگی ١١ی ٢٠١٤ دواكاتی پێشكەشكردن**

**٥ی مانگی ١٢ ی ٢٠١٤ بەرواری هەڵبژاردنی داواكاری و سەرنجەكان**

**مانگی ١ و ٢ی ٢٠١٥ وۆركشۆپی خۆرهەڵاتناسی كە لەهەولێر ئەنجامدەدرێت ماوەی (4–5) ڕۆژ دەخایێنێت.**

**مانگی ٢ تا ٦ی ٢٠١٥ كۆرسی ئۆنلاین بەڕێوەدەچێت بۆ ماوەی (١٢–١٥) ڕۆژ دەخاینێت.**

**مانگی ٦ و ٧ی ٢٠١٥ هەڵبژاردن و سەرنجەكانی دامەزراوەیەكی ئەمریكی ئەنجام دەدرێت.**

**مانگی ٧ و ٨ی ٢٠١٥ زانكۆی ئینستیتیوتی ئەمریكی بۆ ماوەی (٣ هەفتە) دەخایێنێت.**

**مانگی ٨ و ٩ی ٢٠١٥ كۆنفرانس و وۆركشۆپی كۆتایی ڕێكخراوەكە لەهەولێر .**

**مەرجەکانی هەڵبژاردن**

- ❖ هەڵبژاردن لەڕێ پێشکەشکردنی دواکاریی تەواو و ڕوون و ئارەرزوومەندانە دەبێت کە داواکاران دەیانەوێت ئامانجەکانیان لەپڕۆگرامەکەدا بەدەستبهێنن.
- ❖ شوێنی کاری بەشداربووان و بەرپرسیارێتییان لەزانکۆکان بەجۆرێك کە گونجاوبێت و کاریگەربێت لەگەڵ دارشتنی پڕۆگرامەکانیان.
- ❖ داواکارەکان سودمەنددەبن لەکۆرسەکانی راهێنان کە لەدامەزراوەکاندا بەڕێوەدەچن.
- ❖ ئاستی زمانی ئینگلیزی داواکارەکان یارمەتی دەردەبێت بۆئەوەی بەشێوەیەکی باش بەشداربن لەسیمینارو وۆرکشۆپەکانی ئەمریکا.
- ❖ وەڵامی داواکارەکان پەیوەندیدارە بەپرسیارەکانیانەوە.

**یارمەتییە داراییەکانی پڕۆگرامەکە**

- کرێی سەفەری بەشداربووان لەشوێنەکانیانەوە بۆ شوێنی وۆرکشۆپ.
- دابینکردنی شوێنی مانەوەو خواردن لەماوەی وۆرکشۆپەکاندا.

**بۆ هاوبەشیکردنی زانکۆکانی ئەمریکا ئەم یارمەتیانەی خوارەوە دابیندەکەن**

- دابینکردنی ڤیزای (J-1) بۆ ماوەی کارو چالاکییەکانی پڕۆگرامەکە.
- گەشتی بەشداربووان لەشوێنی خۆیانەوە بۆ زانکۆ هاوبەشەکانیان.
- قەرەبووکردنەوەی رووداو و نەخۆشکەوتن.
- خانوو بەکرێ گرتن و یارمەتی ڕۆژانەی ٤٠ $ بۆ ژەمەخواردن و پێشهاتی چاوەڕوان نەکراو.

وۆرکشۆپی دەستپێك و کۆتایی لەواشنتۆن.DC

ڕێنمایی بۆ پێشکەشکردن.

تەواوکردنی فۆڕمەکە بەزانیاری تەواوەوە، فۆڕمی ناتەواو وەرناگیرێت.

١-زانیارییە گرنگەکان

ناوی تەواو و زانیاری لەسەر شوێنی نیشتەجێ بوون و پیشەکەی و هەروەها نوسینی سیڤیەکی باش.